# محمد ڕەزا، شیوعیەکان هەمیشە دژی بارزانییزم بوون

ئاسۆ بیارەیی /15-7-2007

محەمەد ڕەزا کە یەکێک لە سەرکردەکانی قیادەموەقەتەبووە و تا ئێستاش خۆی بە ئەندامێکی ئەمەکی پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەزانێت، لە گفتوگۆیەکدا کە لایەن (ئاوات مەحمود سەعید - سلێمانی) لە سایتی نیشتماننێت بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: **هەڵوێستی حیزبی شیوعی زۆر زۆر خراپ بووە بەرامبەر بە خواستەکانی گەلی کورد, وە کاتی خۆی زۆر بە توندی دژایەتی (بارزانی نەمر)یان دەکرد بۆ ئەوەی خواستەکانی گەلی کورد نەیەتەدی وە قەت حیزبی شیوعی هەڵوێستیان باش نەبووە بەرامبەر بە گەلی کورد، نیشتیماننیت، 15-7-2007).**

سەرەتا ئەم بوچونەی هەڤاڵ محەمەد، کە دوژمنایەتی و ڕکی بۆ چەپەکانی باشووری کوردستان لێ دەبارێت، لە ڕاستیەوە دوورە و سۆزێکی نابینای بنەماڵە بە سەریدا زاڵە، چونکە ئەوەی کەمێک مێژووی بارزانی و حشع بزانێت، ئاگای لە گەورە و بچوکی ئەو دوو حزبەیە. بارزانی و پارتی کۆتایی شەسەتەکانیش بە یارمەتی ڕاستەوخۆی حشع ڕوو و ئۆرگانیزمەی حزبایەتی بە خۆە گرت. **بگرە شێوعیەکان گەورەترین بە خێرهاتنەوە بارزانیان لە کۆتایی ساڵی 1958 بۆ کرد کاتێک لە شوورەوەی جاران پەنابەر بوو. محەمەد ڕەزا دەبوو بە بەڵگەوە قسە بکات، نەک تاوان بخاتە پاڵ ئەو حزبەی کە سەدەها شەهیدی هەیە لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی و ژیانێکی ئاسودە لە عێراق ئەمڕۆی بارزانیزم و جەلالیزم، کە باشووری کوردستانیان ڕاستەو خۆ ڕادەستی** شۆڤێنیە عەرەبەکان کردووەتەوە. جا خۆ تا ئەمڕۆش ڕاگەیاندنی حزبەکەی، بە دەست زەردە چەپەکانەوەیە کە خۆیان لە باوەشی پدکدا دۆزیوەتەوە و چاوەڕیی مووچەن..

بەڵێ هەڤاڵ! وەکو هەتاو دیارە کە کێ دژی سەربەخۆیی گەلی کوردستان کاری کردووە. ئاخر کە حشع دروشمی ئۆتۆنۆمی دیاری کرد بۆ کوردی باشووری، سەرکردایەتی کوردی باش دەناسی کە ناتوانێت، لە بازنەی مەلایی و جەلالی دەربچێت و هەرچی پیرۆزی و ناسنامەی نەتەوایەتی هەیە دەیکاتە قوربانیی گەندەڵی و دەیفرۆشیت بە داگیرکەرانی کوردستان.

با هەڤال گیان کە مێک ڕووداوی مێژوویت بیربخەمەوە ئەوسا بڵێ چەپەکانی باشوور دژی کوردبوون: **پێوەندی 25 ساڵەی نێوان ساواکی ئێران و دواییش سوپای پاسدارنی ئێران، کە ڕۆژ نەبوو چاوساغیان بۆ نەکەن. بڕۆ لە جەنابی سەرۆکی هەرێم بپرسە کە سەددام لە سەرچی زیاتر لە هەشت هەزار بارزانی بێ تاوانی سڤیلی ئەنفال کرد؟ مەگەر لە جیاتی گرتنی حاجی هۆمەران نەبوو، کە میلیشیاکانی پارتیەکەی تۆ پێش پاسدار کەوتن لەو بەرەیەدا؟ سەددام دژی کوردبوو، شای فارسەکان زیاتر و میتی تورکی هەرمەپرسە؟ بەلام ڕەوتی بارزانیزم و جەلالیزم، بە بێ گوێ دان و پرس بە جەماوەر چڵ ساڵە پتر کێبرکێی خزمەت کردنی ئەو داگیرکەرانەیان کرد.**

**دیارە ئاش بەتاڵەکەی 1975 شت لە بیر چووە کە لەبەر تاکڕەوەی بارزانی 100 هەزار پێشمەرگە لە ماوەی 24 سەعات وورەیان بەردا و هەندێ سەرۆک خێڵی ئەو شۆڕشە بوونە باشترین سەرۆک جاش و ئەنفالی**

**کوردیان لە 1988 کرد. یان 31 ئابی 1996 کە دەها پێشمەرگەی باکورتان دابەدەستی میتی تورکیەوە و شەڕی کوردی باکورتان کرد؟ ئەی ئەو هەڵوێستانەی پارتیەکەت بۆ باس ناکەیت. کورد واتەنە ئەگەر ماڵت لە شووشە بوو بەرد مەگرە ماڵی خەڵک!**

**باسی هەلویستی حشع بۆ دەکەی، تۆ خۆت دەڵێیت، پدک و ینک، کەرکوکیان بە 140000 تەن شیش گۆڕیەوە، ئێ خۆ ئەم جارە خۆتان گوربەبوون، حشع بوونی نەبوو؟ ئاخر کە هەڵەبجەش ئەنفالکرا، میلیشاکانی ئێوە، خەریکی تاڵانی بوون و ئاگایان لە بریندارەکان نەمابوو؟ بڕۆ باش مێژوو بخوێنەوە ئەوسا بێ ویژدانانە باسی**
**چەپەکان بکە؟؟؟؟؟؟؟ دەلێم میلیشیا چونکە نامەوێت ناوی پێشمەرگە لەکدار بکەم و لەگەڵ ئەو چەکدارانەی کە پاسەوانی بنەماڵە دەکەن تێکەڵ بکەم!**

**16 ساڵە زیاتر پدک و ینک، سەرانە لە کورد باشوور وەردەگرن و هێشتا گەلی هەژار لە سادەترین مافی خۆی بێ بەشە، کە ئاوی خواردنەوە و کارەبایە. کوردەکانی ئەوروپا چەن خەباتیان کرد و دەکەن، کەچی کە دێنەوە بۆ سەردان باجیان لێ دەسەنن، چونکە وەکو دوو بنەماڵەکەی تۆ(مەلایی و جەلالی) پاسپۆرت عێراق العظیم)یان پێ نیە، کە بێ سەلمێنن کە عێراقین. پێم بڵێ ئەوەش خەتای چەپ و شیوعیەکانە، یان ڕەوتی بارزانیزم و جەلالیزم، کە هەستی نەتەوایەتیان لە باشووری کوردستان ووشک کردووە.**

شیوعیەکانی کوردستان و عێراق، ئەگەر ڕۆژێک بەهێزی بووبن هەمیشە ئاشتی پەروەر بوون و ئەو سەردەمەی کە ئەوان کەمێک دەسەلاتی هەبووە، ژیانی خەڵک گەشەی کردووە، ئەی جەلالیزم و بارزانیزم ، بێجگە قین و دووبەرەکی، چیان کردووە؟ مەگەر هێشا بادینان و سۆران دوو ئیمارەتی جیانین؟ هەرهیچ نەبێت حشع سەدەها خوێندکار و کادیر بۆ حکومەتە بە ناو کوردیەکەی ئێوە پێگەیاندووە، کە ئێستا هەندێکیان لای ئێوەن. بەڵام گەندەڵی ئێوە وای کرد کە لاوی کورد کوردستانی لە بەرچاو بکەویت و ئاستی خۆێندن لە کوردستان دابەزیت. بەعس ئاسا ئەوەی زەرد و سەوز نەبوو کۆلیژەکانی بەر نەدەکەوت.

نەک تەنها شیوعیەکانی عیراق ئێوە و سەرکردەکانی تری کوردیان باش ناسیووە، بەڵکو داگیرکەرانی کوردستانیش، هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە ساڵی 1514 کە کوردستان بۆ یەکەم جار لە نێوان تۆرانی و فارس دابەش بوو هەتاکو شێخ مەحمود کە سەربە ئۆسمانیەکان بوو، تاکو بنەماڵەکەی تۆ و تاڵەبان کە شیوەنیان بۆ دەکەیت!

ئەم بۆچونەی تۆ، بێجگە قین و دووبەرەکی نانەوە هیچی تری لێ هەڵناجینرێت، چونکە دەتوانێت کەمێک مێژووی نەک تەنها حشع بەڵکو مارکسیەت بخوێنتەوە ئەوسا دەزانێت بۆچونی چەپەکان چیە. لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم کە لاوزای چینی کرێکار لە هەر وڵاتێکدا، لاوازی بێشەوە چوونی ئەو کۆمەڵگەیەیە، ئێوەش، تۆ پارتیەکەت دوژمنی دەروێشانەو سەرسەختی ئەو پێشکەوتنن کە چاوەڕێی گەلی کورد دەکات. جا ئیتر چەپەکان بۆ خۆیان بکەنە سووتەمەنی کۆمەڵگەیەک کە شایستە ئەو خەباتە نەبێت و ڕوحی ژەنگاوی پاشکەوتووی بنەماڵە بەسەریدا زاڵ بێت؟؟؟؟ ئەگەر خۆێندەواریشت کەمە، دەها کۆنە شیوعیتان لایە دەتوانیت داوایان لێ بکەیت کە کەمێ مێژووت بۆ باسبکەن.

**من نازانم، ئەگەر سەرکردە شۆڤێنیەکانی عەرەب و سوپاکەیان بە ئەنفال و**

**تەعریبکردنی کوردستان ناسرابن، ئەوا مۆڵتی جەلالیزم-بارزانیزم بە بکوژی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد و نەمانی پارچەیەکی کوردستانی دەزانم، چونکە لە ئاست مافەکانی گەلی کوردی باشووردا نین.**

---

سەرچاوە: سایتی نیشتماننێت

http://www.nishtimannet.com/dreje.aspx?id=2362